کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
28-12-2006 20:58 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

# بەڕێز گوڵاڵە پشدەری خۆزگە پێش وەڵام دانەوە ڕاپۆرتەکەت باشتر دەخوێندەوە... کانی هەڵەبجەیی

بەڕێزێك بەناوی (گوڵاڵە پشدەری) نوسینێکی لەوەڵام بە بابەتەکەی مندا نوسیوە لە ژێر ناوی (وەڵامێك بۆ پرسیارەکەی بەڕێز کانی هەڵەبجەیی کە ئەڵێت ئاخر پێمان ناڵێن ئیمزاکان ئێستا لەکوێ زیندەبەچاڵ کراون؟)




سەرەتا دەمەوێت بڵێم خۆزگە ئەم بەڕێزە لە پێشدا بە باشی و دوور لە دەمارگیری و هەڵچوون بابەتەکەی منی بە باشی بخوێندایەتەوە، بۆ ئەوەی نەکەوێتە ئەو هەڵە گەورانەی کە لە نوسینەکەی دا تێی کەوتووە. ئەو بەڕێزە ئەگەر بابەتەکەی منی بخوێندایەوە دەیزانی:

1- من نەموتووە کوان ئیمزاکانی دژی هاملتۆن، چونکە هێشتا سەرەتایەو کۆکردنەوەی ئیمزا بەردەوامە ئیتر لە کوێ زیندەبەچاڵ بکرێ یان تۆزی لێ بنیشێ؟ من بە ڕوونی نوسیومە عەوداڵی ئیمزاکانی ڕیفراندۆم و ئازاد کردنی بەڕێز عەبدوڵا ئۆجالانم. ئەمەش دەقی قسەکەمە لە ڕاپۆرتەکەدا: **ئاخر پێمان ناڵێن ئیمزاکانی ڕیفراندۆم ئێستا لە کوێ زیندە بەچاڵ کراونو تۆزی گەردونیان لێ نیشتووە؟ پێمان ناڵێن ئەو ملیۆنەها ئیمزایانە کوان کە بۆ ئازاد کردنی بەڕێز ئۆجالان کۆکرانەوە؟**

2- نازانم ئەم بەڕێزە بە ناوی خۆی ئەم نوسینەی نوسیوە یان لە ژێر ئەم نوسینەدا دەیەوێت داکۆکی لە سیاسەتە شکست خواردووەکانی سیاسەتی دەسەڵاتی کوردی بکات، بەهەرحاڵ من دەمەوێت بۆ ئەم خانمەو هەموو خوێنەران ڕون بکەمەوە کە سیاسەت مەدارو ڕۆژنامە نووس دەبێ تۆزێ دووربین بیر بکاتەوە، ئەگینا ئێمە خۆمان دەزانین و سەرۆك بارزانیش دەزانێ کە ئەمریکا ئەو پشتەی پێ نابەستریێت بۆ ڕاستی دەرکەوتنی ئەمەش بەڕێز بارزانی دوای گەڕانەوەکەی لە بەغدا لە وەڵامی پرسیارێکی دوکتۆرە شوکریە کە پرسی: گەر ڕاپۆرتەکەی هاملتۆن جێ بە جێ بکرێ کورد وەڵامی پێیە؟ سەرۆك بارزانیش فەرمووی گەر وابێ ئێمە بڕیاری تایبەتی هەر لەم پەرلەمانەدا دەدەین، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە بارزانیش دوو دڵە وە هێڵی پاشەکشێی بۆ ئەو بابەتە کێشاوە. دەبوایە ئەم خانمە ئەو ڕاستیەی باش بزانیایە کە لە سیاسەتدا ئاتیفە دەور نابینێت بەڵکو ئەوەی کە لە دونیای سیاسەت دا بایەخ و گرنگی هەیە، بەرژەوەندییە. خۆ ئەگەر کورد بە پێی بەرژەوەندییەکانی خۆی سیاسەت نەکات ئەوا توشی شکست دەبێت وەك شکستی 1975ی سەدەی ڕابردوو.

3- بەڕێزت باسی لوبنانت کردووە، کە دەڵێی لوبنان پشتیوانی هەیە لە دەوڵەتە عەرەبییەکاننەوە، ئەی بەڕێزت ئەوەت لە بیر کردووە کە شۆڕشەکانی کورد هەر لە شێخ سەعیدی پیران تا شێخ مەحمودی مەلیکی کوردستان و قازی کۆماری مهاباد و شۆڕشی بارزانی تا شۆڕشی گوڵان و شۆڕشی نوێی یەکێتی پێگەو پەنای هەر شاخو خۆی بووە؟ یاخود گەر هاوپەیمانێکمان دۆزیبێتەوە لەسەر بنچینەی ڕاستەقینەی مافە ڕەواکانمان بووە نەك بە پێی بەرژەوەندی وەك ئەمڕۆ سەرکردایەتی کورد دەیکات.

گەر بەڕێزت بتەوێت زیاتر لە کاری پشتیاوانی بەتابەتی پشتیئوانی کوردستان بۆ خۆی. ئەبێت سەرێك بکێشیتە ناو جیمۆرفۆلۆجیای کوردستان.

4- بەڕێزت نا دوربینیەکەت بۆ بارودۆزەکە لەوەدا دەردەکەوێت کە دەڵێی ڕاپۆرتەکە فەرمی نییە، ئایا بەڕێزت بەڵگەیەکت پێیە کە ئەو ڕاپۆرتە نەبێتە فەرمی؟ ئەگەر زێتر سەیری ڕوداوەکانی کاتی ڕاپۆرتەکە بەدواوە بکردبایە بۆت دەردەکەوت کە یەکێك لەو خاڵانەی لە ڕاپۆرتەکەی هامڵتۆندا هاتووە زێدە تر کردنی هێزەکانی ئەمریکایە لە ناوچەکەدا ئەوەتا گەر گوێت بۆ هەواڵەکانی پەنتاگۆن گرتبێت وا دوو هەزارو پێنسەد سەرباز ڕەوانەی کووەیت دەکرێت لە سەرەتای ساڵی داهاتودا.

5- بەڕێزی باس لەوە دەکات لە ڕەخنەکەیدا کە گۆوایە من گەنجانم بە توێژێکی سەرەکی دانەنابێت بەڵکو من ئامـاژەم بەوە کردووە کە دەبێ گەنجان توێژێکی سەرەکی بن وەك بارزانی دەفەرمێت کە گەنجان یان توێژی خوێنەران (سەرەڕمێکن لە هەموو شۆڕسێکدا) تەنها مەبەستی من لێرەدا چۆنیەتی ڕازی بونی گەنجانە لە جێگۆڕکێی کۆکردنەوەی ئیمزا لەبری خۆپیشاندان، کە منیش لەلایەن خۆمەوە دەستخۆشی لەو گەنجانە دەکەم کە بەشداری لە بە دژاچونەوەی نەهاتییەکانی نەتەوەکەیان دەکەن.

7- نازانم خۆی وا تێ دەگات لە بارو دۆخەکە یان خۆی هەڵە دەکات بەوەی کە دەڵێت کورد نەیاری زۆرە، ئێمە لە مێژودا بە پێی جۆگرافیای وڵاتەکەمان دیارییە کێیە نەیارمان بەڵام لە هەمان کاتیشدا دەستەوسان دانەنیشتوین تا نەیارەکانمان بڕیارمان بۆ بدەن، کەوابو پێویستە ڕەخنە گر زێتر لە بارە ڕامیارییەکانەوە بە قوڵدا بچێتەوەو زێتر دووربین بێت.

هەرچەندە ئەم ڕونکردنانەوەش لە ڕەخنەکانی بەڕێزتدا بونیان نیە، ئەوەی من بینیم تەنها ڕێکلام کردن بو بۆ ناوەندەکەی بەڕێزتان وە زۆر دوور بو لە بابەتەکەی منەوە، حەز ئەکەم ئاماژە بەوەش بکەم کە من ئاگادارم لە کۆکردنەوەی ئەو ئیمزایانەو خۆشم بە نامەی ئەلیکترۆنی لە ڕێی ماڵپەری دەنگەکانەوە ئیمزام ناردووە. بەڵام مەبەستی من تین و گوڕێکی زێترە بۆ بەرەو پێش چونی بابەتەکە بە خۆپیشاندان.

من نامەوێت خۆم بخەمە ململانێی ڕەخنەو ڕەخنەکاری وە دەمەوێت بڵێم کە دەبێت ئێمە بە هەمومان هاوبیر بین لە دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەك بۆ دەرچونی میللەتەکەمان لەم تەنگەژە ڕامیارییە، وە نوسینی ئەم وەڵامەش تەنها ڕونکردنەوەی تێگەشتنە هەڵەکەی بەڕێزت بو لە ڕاپۆرتەکەی من بۆ خوێنەران. خوێنەرانیش ڕاپۆرتەکەی منیان لە بەر دەستایەو ڕەخنەکەی بەڕێزیشت.

هۆڵندا
Kani_awin@hotmail. com